هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٦ No:
ڕۆژ: ٢٩ / ٦ /٢٠٢١ Date:

# بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و هەشتەم لە ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٦٣) شەست و سێ هەمینی خۆیدا لەبەرواری (٢٩ / ٦ /٢٠٢١) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٤) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) لە ماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق وەهەروەها بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٥)ە و بەیانی ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠١٧)ەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان/ عێراق و نوسراوەکانی ژمارە (٣١٠٧ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٤) و ژمارە (١١٧١ لە ٢٠٢١/٤/١٧)ی ئیدارەی گەرمیان وە پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە (٢٠٢١/٥/٢٣).

بڕیاردرا بە:

١. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراق بەمەبەستی دروستکردنی گوندی (کانی ئاسکان) سەربە ناحیەی (سەرقەڵا) لە قەزای کفری لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٣)ەی بەردەڵانی کەرتی (٧١) ناصالح بەڕووبەری (٤٨) چل و هەشت دۆنم.
٢. بە دەنگی (٢٤) ئەندام پەسەندکرا.
٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢١/٦/٢٩.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
/ /٢٠٢١

kazhal

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176